# پەنابەری لە سنووری مەجەرستاندا

**تۆ لە مەجەرستانیت.** زمانی فەرمی وڵات مەجەریە، بەڵام لە جێ بەجێکردنەکانی بارودۆخی پەنابەریدا بۆت هەیە زمانی خۆت بەکار بهێنی. مەجەرستان ئەندامی یەکیەتی ئەورووپایە، وکەوتۆتە ناوەڕاستی ئەورووپاوە.

لە 15ی ئەیلولی 2015دا **یاسای نوێ دەرچووە** بۆ داواکردنی پەنابەری. سنووری مەجەرستان وە سەربیا بەپەرژین داخراوە. لەپەرژینی سنووردا **دوو " ناوچەی تێپەڕبوون"** هەیە (لەرۆیسکەدا ولە تۆمپادا)، کە لەوێوە دەتوانیت بێتە ژوورەوە بۆ ناو مەجەرستان، وە دەتوانیت داوای پەنابەری بکەی. گەر هاتوو لەسەربیاوە، لەو دوو شوێنەوە نەهاتیتە ناو مەجەرستان، بەڵکو لە پەرژینەکەوە، ئەو کاتە تۆ **تاوانت کردوە.** پۆلیس دەتگەڕێنێتەوە بۆ ئەوبەری سنوور، گەر هاتوو لەماوەی **8 کیلۆمەتر لەسنوورەوە** تۆیان گرت. گەر دووریەکە لە 8 کیلۆمتر زۆرتر بێت، بۆت هەیە داوای پەنابەری بکەیت.

### هاتنەژوورەوە لە ناوچەی تێپەڕبوونەوە

گەر هاتیتە ناو مەجەرستان لەڕێی ناوچەی تێپەڕبوونەوە، لەپێشدا پۆلیس **پشکنینت دەکات،** پاشان **زانیاری تایبەت بە خۆت** تۆماردەکەن (ناوت، وە ناوی ئەندامانی خێزانت، وە پەنجەمۆرت دەکەن). لەم کاتەدا پۆلیس پرسیارت لێدەکات، ئایە داوای پەنابەری دەکەی لەمەجەرستاندا؟ گەر وتت بەڵێ، **فەرمانگەی کۆچ وپەنابەری** لێپرسینەوەت لەگەڵدا دەکات، لە یەکێک لە کۆنتێرەکانی ناوچەی تێپەڕبووندا.

**خێزانی منداڵدار وە ئەو کەسانەی، کەوا پێویستیان بە رەفتارکردنێکی تایبەت هەیە لەگەڵیاندا، هەر** لەڕۆژی کەیشتنیاندا ڕەوانە دەکرێن بۆ کەمپی پەنابەران. لەمەجەرستاندا مانای وشەی خێزان مێرد/ ژن، و/ یان منداڵەکانتە. ئەندامی خێزان، وە 18 ساڵو سەرووتر، دەبێت بەجیا داوای پەنابەرێتی پێشکەش بکات، بەڵام خێزان بۆی هەیە پێکەوە بمێنێ. گەر دەتوانیت خزمایەتیت بسەلمێنی، هەرچی بەڵگەنامەیەکی سەلماندنت هەیە، پیشانیان بدە .

**ئەو کەسەی کە پێویستی هەیە بە رەفتارکردنێکی تایبەت،** لەوانەیە ژنێکی سک پڕ بێ، یان کەسێک کەم ئەندام بێت، یان نەخۆشییێکی سەختی هەیە، یان کەسێکە تووشی کێشەی دەروونی هەیە.. یاخود کێشە یا نەخۆشییەکی وای هەیە کە بە ئاشکرا هەستی پێناکرێت، بەهەر جۆرێک بێ، دەبێ ئاگاداری پۆلیس، یان فەرمانگای کۆچکردن بکەیت.

**منداڵێک کە تەمەنی لە 18 ساڵ کەمتر بێت وە بێ یاوەر بێ** ڕەوانی دەکەن بۆلانەی کەم تەمەن . گەر لە 18 ساڵ کەمتربیت، دەبێ لەکاتی هاتنت بۆ ناو وڵات، یەکسەر ئاگاداری پۆلیس بکەیت، کاتێ کە زانیاریە تایبەتەکانت تۆماردەکەن. گەر هاتو گومانیان هەبوو سەبارەت بە تەمەنت، فەرمانگەی کۆچ داوای پشکینی پزیشکی دەکات، بۆ بڕیاردان لەسەر تەمەنتدا پزدشکی ناوچەی تێپەڕبوون بڕیاردەدات ،ئەم جۆرە پشکنینە بەخۆڕاییە، پارەی ناوێ. گەر بڕیاری پزیشک بە دڵت نەبوو، بۆت هەیە، بە نامەێک داوای پشکینێکی تر بکەی. داواکەت ئیمزا کە! گەر پێویستیت بە یارمەتی بوو، دەتوانیت داوای یارمەتی یاسایی بکەی لە کۆمیتەی هەلسنکیی مەجەرستاندا.وە هەرچی بەڵگەنامەیەکت هەیە کە تەمەنت دەسەلمێنێ ، پیشانی بدە.

### جێ بەجێکردنی پەنابەری لە سنووردا



لەو کاتەدا، کە فەرمانگەی کۆچ پرسینەوەت لەگەڵدا دەکات، دەبێ باسی ئەوە بکەی، کە چ **کێشەیەکت هەبوو لەوڵاتی خۆتدا، وە بۆچ پێویست بووکە ووڵاتی خۆت جێبهێڵی.** دەبێ ئەوەیش بڵێت، **ئایا داوای پەنابەریت کردوە لە وڵاتێکی تر،** بڵێن، وەکو سەربیا، کرواتیا، یۆنان، یان بولگاریا، پێش ئەوەی بگەیتە مەجەرستان. گرنگە، هەموو شتێک بە درێژی باس بکەیت، ڕووداوە بەئازارو ناخۆشەکانیش. زمان**وەرگێڕ**یش دەبێ، مەترسە، گەر لە یەکتر تێناگەن، بڵێ! لەکۆتایی لێپرسینەوەکەدا ،داوا لە زمان وەرگێڕەکە بکە نووسراوی لێپرسینەوەکەت (کۆنووسەکە) **سەرلەنوێ بۆت بخوێنێتەوە،** بۆ ئەوەی بزانیت، ئایا ئەوەی ووتووتە نووسراوە یان نە. گەر بەو شێوەیە نەبوو کە ووتبووت، ئەوا بەهەر جۆرێک بێ بڵێ! گەر فەرمانبەر باسەکانت بە جۆرێکتر نووسیبوو، داوا بکە لێی، کە ئەوە بنووسێت ،ئەوەی تۆ وتت، داوای ڕاستکردنەوەی بکە. داوای کۆپییەکی لێپرسینەوەکەت بکە. **نە فەرمانبەر، وە نە زمان وەرگێڕ بۆیان هەیە باسی کێشەکەی تۆ بۆ کەسێکی تر باس بکەن، دەتوانیت** بە ئاشکەرایی باسی خۆت کەی.



گەر لە یەکێک لە وڵاتەکانی یەکیەتی ئەورۆپا **پەنجەمۆریان** کردبوویت، بۆیان هەیە بۆ ئەو وڵاتە بت گەڕێننەوە. ئیتر لە وڵاتەدا سەرەقاڵی داوای پەنابەریکەت دەبن. ئەمەیە **ڕێنمایی دبلین.** لەم کاتەدا، فەرمانگەی کۆچ پەیوەندی دەکات لەگەل ئەو وڵاتەدا، کە لێپرساوی داواکەتە. لەم بارەیەوە بڕیارێکت پێدەدەن. تاکو ئەو وڵاتە وەڵامی پرسیارو داواکاریەکە دەداتەوە ، ئەوە چەند مانگێک دەخایەنێت .تۆئەو پەڕی 28 ڕۆژ دەمێنیتەوە لە ناوچەی تێپەڕیندا.

بەگۆیرەی ڕێنمایی دبلین، بۆت هەیە داوای یەککگرتنەوەی خێزانی بکەی، لەگەل ژنتدا / مێرددا، یان لەگەل ئەو منداڵاندا، وا کۆڵن (کەمتر لەهەژدە ساڵن) وە بێژنە، یان بێ مێردە، یان گەر تۆ منداڵیت لەگەل باوانتدا، یان کەسوکارێکیتردا، کە لە وڵاتێک لە وڵاتانی یەکیەتی ئەوروپا دەژین. گەر بەتەمای یەکبوونی خێزانییت، داوای بکە لە فەرمانگەی کۆچ، لەخواستیاریەکەت.

گەر لە وولاتێکی تری یەکیەتی ئەوروپادا **پەنجەمۆرت نیە،** فەرمانگەی کۆچ پرسیارت لێ دەکات، ئایە داوای پەنابەریت نە کردوە لە وڵاتێکیتردا، وە بەگوێرەی مەجەرستان **سەربیا وڵاتێکی ئارامە،** کە تۆ پیایدا هاتویت بەرەو مەجەرستان. بەومانایە کە وڵاتێکە پشتگیری پەنابەرەکان دەکات. بەگوێرەی یاسا، ئەو کەسەی، کە لە ڕێگای سەربیاوە دێنە مەجەرستان، مافی پەنابەری لە مەجەرستاندا وەرناگرن، چونکە دەبوایە لە سەربیا داوای پەنابەری بکردایە .

**گەر نا تەوێ بتگەڕێننەوە بۆ سەربیا،** دەبێ لە کاتی لێپرسینەوەدا بلێیت، بۆچی نەتتوانی داوای پەنابەری بکەی لەوێ، وە چ هەلومەرجێک هەیە لەوێدا. ئەم باسە بەزمانی نەتەوەی خۆت بینووسە، وە ئیمزایشی بکە، وە **لەماوەی 3 ڕۆژ** دوای لێپرسینەوەکەتدا پێشکەشی فەرمانگەی کۆچ بکە. دەسەڵات **لە ماوەی 8 ڕۆژ** پاش لێپرسینەوەکەت بڕیار ئەدات.



گەر فەرمانگەی کۆچ داواکەت ڕەت کردەوە، لەو کاتەدا، **لە ماوەی 7 ڕۆژدا،** بۆت هەیە ڕووکەیتە دادگادا، وە داوای **گوێ لێپرسینەوەی تایبەت بکەی.** بەنامە باسی ئەوە بکە، کە بۆچ قەناعەتت نیە بە بڕیارەکە. گەر لەم بابەتەدا پێویستیت هەیە بە یارمەتی، داوای پارێزەری کۆمیتەی هەلسنکی مەجەرستان، یان کارمەندی کۆمیساریای باڵای نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ پەنابەران (UNHCR) بکە. گەر دادگا داواکەتی ڕەت کردەوە، لەوکاتەدا بۆت هەیە داوایێکی نوێ پێشکەش کەی. بێ ئەمە، دەت گەڕێننەوە بۆ سەربیا.


### یارمەتی بەردەستەکان وە خزمە تگوزارێکان لە ناوچەی تێپەڕبووندا

گەر لە ناوچەی تێپەڕبووندا پێویست بوو بمێنیتەوە، **جێگەیێک** و وە هەر ڕۆژ **خوراکت** پێ ئەدەن. گەر کێشەی تەندروستیت هەیە، بڕۆ بۆ پزیشتی ناوچەکە. کارمەندی کۆمەڵایەتی هەموو ڕۆژ لەوێە. گەر پێوەستیت بە پارێزەرە، روو **بە کۆمیتەی هەلسنکیی مەجەرستان** بکە. ئەمە پارەی ناوێ. لەگەل کارمەندەکانی **UNHCR** یش دەتوانیت باس کەی، وا هەموو ڕۆژ لە ناوچەی گوزەریدا.

لە ناوچەی تێپەڕبووندا ئەو پەڕی 28 ڕۆژ دەبێ بمێنیت.

گەر لە ناوجەی تیپەڕبووندا ڕەوانکرایت بۆ کەمپی کراوە، یان بۆ جاودیری پەنابەران، لەو کاتەدا بگەڕێ بۆ زانیاری کۆمیتەی هەلسنکیی مەجەرستان سەبارەت بە جێ بەجێکردنەکان، وە مافەکانت، وە خزمەتگوزاری بەردەستەکان.

## ئەو نەخشەی خوارەوەک پیشان ئەدات، لەکوێ کەمپی کراوە وە داخراو هەیە لە مەجەرستاندا:




1 Fót Children's Home
2 Vámosszabadi Open Refugee Centre
3 Balassagyarmat Community Shelter
4 Budapest Airport Immigration Detention Centre
5 Győr Immigration Detention Centre
6 Nyírbátor Immigration Detention Centre
7 Nyírbátor Asylum Detention Centre
8 Békéscsaba Asylum Detention Centre
9 Kiskunhalas Immigration Detention Centre
10 Kiskunhalas Asylum Detention Centre
10 Kiskunhalas Open Refugee Centre
12 Szeged Border Police
13 Körmend Open Refugee Centre
14 Röszke Transit Zone
15 Tompa Transit Zone
16 Letenye Transit Zone
17 Beremend Transit Zone

Hungarian Helsinki Committee

UNHCR
The UN Refugee Agency

www.helsinki.hu
www.unhcr.org/europe

KURD